ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
15
10 ی تەمووز / جولای 2021

# گیراوەکانی بادینان قوربانی چ سیاسەتێکن!؟



**عوسمانی حاجی مارف**

پاش چەندین هەوڵ و نارەزایەتی لە دەرەوەو لە ناوەوەی کوردستان، لەبەرامبەر دادگاییکردنی دەستگیرکراوەکانی بادینانداا، دادگای پێداچونەوەی هەولێر پێداگری لەسەر بریاری دادگاییکردن و سەپاندنی شەش ساڵ زیندانی کرد بۆ دەستگیرکراوەکان. ئەوەی پێویستە دەربارەی ئەم دادگای کردنە روونبکرێتەوە، رێرەوو پێداگری دادگایە لە زۆنی زەرددا کە لە سایەی دەسەڵاتی پارتیدا بەرێوە دەچێت لەسەر سەپاندنی ئەم حوکمە سەرکوتگەرانەیە. ئاشکرایە دەسەڵاتی بارزانی بەداوی ئامانج و مەبەستێکەوەیە لەم کەیسەدا. بەتایبەتی کە لەلایەن زۆرینەی رای گشتیەوە ئەوە سەلمێنراوە کە بەڵگەکان و بیانوەکان بۆ تاوانبارکردن و دادگاییکردنی ئەو هەڵسوراوانە نەیتوانیوە تاوانبارکردنیان بۆ رای گشتی بسەلمێنێ، لەناو ژوری دادگایەکی داخراودا ئەو بریارە دراوەو بە ئاشکراو بێ سڵەمینەوە جێبەجێ

بۆ لاپەڕە 3

# کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان!



**موحسن کەریم**

بەرەبەیانی رۆژی هەینی ٢/٧ی ٢٠٢١ هێزەکانی ئەمریکا لە گەورەترین و سەرەکیترین بنکەی سەربازی و ئاسمانی ئەمریکا لە ئەفغانستان، لە تاریکیدا و دوای بەجێهێشتنی سەدان هەزار بەستەی خۆراک و بوتڵی ئاوو هەزاران ئۆتۆمبێلی مەدەنی و سەدان ئۆتۆمبێلی سەربازی و هەزاران پارچە چەکی سووک لەناو بنکەکەدا و بەبێ ئاگادارکردنەوەی بەرپرسانی سەربازی ئەفغانستان، کشانەوە. کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بەوجۆرە بێجگە لە نمایشکردنی شکستێکی سیاسی و سەربازی ئەمریکا شتێکی دیکە روون ناکاتەوە. کشانەوەی ئەو هێزانە دوای کوژاندنەوەی کارەبای ناوچەکە و ئاگادارنەکردنی بەرپرسانی سەربازی ئەفغانی سەبارەت بەکاتی کشانەوەکە، مانای هەڵاتن دەگەیەنێ نەک کشانەوە! لەکاتێکدا هێزەکانی تاڵیبان بەردەوام لە پێشرەویدان بۆ دەست بەسەراگرتنی چەندین ناوچەی ئەفغانستان و نزیک بوونەوە لە شارە گەورەکان. فکرەی کشانەوەی ئەمریکا لە ئەفغانستان لە ساڵی ٢٠١٨ ەوە دەست پێدەکات، کاتێک ئیدارەی ترامپ لەگەڵ بزوتنەوەی تاڵیابندا دەست بە گفتوگۆدەکەن و ئەمریکا رازی دەبێت بەوەی هێزەکانی لە ئەفغانستان بکشێنێتەوە بەرامبەر بە بەڵێنی تاڵیبان بۆ رێگەنەدان بەوەی خاکی ئەفغانستان ببێتە ناوەندی تیرۆر و هەروەها بەمەرجی ئەوەی لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستاندا بکەونە گفتوگۆ بەمەبەستی رێکەوتن! دوای دووساڵ لە گفتوگۆی نێوان ئەمریکا و تاڵبیان،

بۆ لاپەڕە 2

# گرانبونی نرخی بەنزین و کێشەی ئاو وکارەبا و سەرنجێک لەنارەزایەتیەکان

**خەسرەو سایە**

بۆ لاپەڕە 4

# پێکهێنانی ئاڵوگۆر لەرێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە خۆشخەیاڵکردنی جەماوەرە!

**جەمال موحسین**

بۆ لاپەڕە 7

# پەرلەمانی پارتی و یەکێتی !

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەڕە 8

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

## پاشماوەی کشانەوەی ئەمریکا لەئەفغانستان!

سەرەنجام لە ساڵی ٢٠٢٠دا ڕێکەوتنەکە واژۆکرا و بەپێی ڕێکەوتنامەکە بڕیاربوو لە مانگی ئایاری ئەمساڵدا ٥٠٠٠ سەربازی ئەمریکی لەکۆی ١٣٠٠٠ سەرباز ئەفغانستان بەجێ بهێڵن و لە ١١ی سێپتێمبەریشدا، واتە دوای ٢٠ساڵ لە ڕوداوی ١١ی سێپتێمبەر و داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن ئەمریکاوە، تەواوی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان بکشێنەوە!

لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا دوای ئەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لەچوارچێوەی پەیوەندی دوو قۆڵی نێوان وڵاتەکەی و دەوڵەتی ئەفغانستان دا دەچێتە ناو ئەفغانستانەوە، هەموو هەوڵەکانی ئەمریکا بۆئەوە دەبێت هێزەکانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان بکاتەدەرەوە. بۆیە لەڕێگای دەزگای ) (CIAیەوە پارەو چەکی دا بە گرووپە چەکدارە ئیسلامیەکان تا دژی سۆڤیەت بجەنگن. ئەوەبوو (CIA)پاکستانی وەکو بنکەی سەرەکی خۆی دەستنیشان کرد و لەڕێگای جەنەراڵ ( ضیاء الحق) دیکتاتۆری پاکستانەوە هەوڵی دا وڵاتانی ئیسلامی بۆ "شەڕ لەگەڵ کۆمۆنیزم!" بانگەواز بکات. بۆ سەیروسەمەرەی مێژوو، بنلادن بەدەم بانگەوازەکەوە هات! هەروەها ڕۆناڵد ڕێگان سەرکردەی موجاهیدەکانی بانگ کرد بۆ کۆشکی سپی و وەکو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی بەرامبەر بە مەترسی کۆمۆنیزم ناوی بردن! ئەوەبوو دوای ١٠ ساڵ و لەساڵی ١٩٨٩دا سۆڤیەت ناچاربوو ئەفغانستان بەجێ بهێڵێت و گروپە ئیسلامیەکانی سەر بە ئەمریکا دەسەڵاتی وڵات بگرنە دەست کە سەری کێشایە ناو شەڕێکی ناوخۆیی( ٤) ساڵەو (٥٠) هەزار کوژراوی لێ کەوتەوە تا ئەوکاتەی تاڵیبان لە ساڵی ١٩٩٤دا دەسەڵاتی گرت.

داگیرکردنی ئەفغانستان و ڕوخاندنی دەسەڵاتی تاڵیبان لەلایەن ئەمریکاوە، ڕاستەوخۆ ئاکامی ڕوداوەکانی ١١ی سێپتێمبەر بوو، کە ئەمریکا بۆ کڕینەوەی شکۆی ئیمپریالیستی و زلهێزی خۆی وەکو سەرکردەی جیهان دەستی بۆبرد. دوای ٢٠ ساڵ لە بوونی سەربازی و بەکوشتدانی هەزاران سەربازی ئەمریکی و خەرجکردنی ملیارەها دۆلار و هەروەها دوای خاپورکردنی ئەفغانستان و کوشتنی سەدان هەزار هاوڵاتی مەدەنی و بێتاوانی ئەفغانی و دوای هێنانە سەرکاری حکومەتێکی کۆنەپەرستی قەبیلەیی سەر بە ئەمریکاو ناتۆ، سەرەنجام ئەفغانستانی بۆ هەمان ئەو هێزە جێهێشتەوە کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر دەسەڵاتەکەی بەزەبری بۆردومان و کاولکردنی ئەو وڵاتە ڕوخاند! ئەوەی بەسەر هێزەکانی سۆڤیەت هات لە ئەفغانستان بەسەر هێزەکانی ئەمریکاشدا هاتەوە!.. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە وەکو چۆن ئەمریکا دەوری هەبوو لە شکستی سۆڤیەت و ناچارکردنی بە جێهێشتنی ئەفغانستان، بەهەمانشێوە، ئەمڕۆ ڕوسیا دەوری هەیە لەم شکستەی ئەمریکادا بەوەی کە هاوکاری سەربازی و دارایی تاڵیبانی کردوە تا بتوانێ خۆی سازبداتەوەو دژی هێزەکانی ئەمریکا لەو وڵاتە بجەنگێت. ڕوسیا و ئێران دەوری بەرچاویان هەبووە لەوەی دەستی تاڵیبان بگرنەوە بەرەو کۆنترۆڵکردنەوەی بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئەفغانستان و دەرکەوتنەوەیان وەکو هێزی خاوەنی بڕیار لە سیاسەتی ئەفغانستاندا. ئەم سەرکەوتنەی تاڵیبان ئاکامی گەندەڵی حکومەتە قەبیلەییەکەی ئەفغانستان نیە کە لەلایەن ئەمریکاو ناتووە بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتەدا سەپێنران، وەکو هەندێ کەس لە کوردستان وەکو هوشداریدانێک بە حکومەتی هەرێم دەیدەن! بێگومان حکومەتی ئەفغانستان تاسەر مۆخ گەندەڵ و کۆنەپەرست و تاڵانچی و دژی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی ئەفغانستانە، بەڵکو ئاکامی کێشمەکێشی نێوان ئەمریکاو ناتۆ لەلایەک و ڕوسیا و ئێران و تارادەیەکیش چینە لەلایەکی دیکەوە. دەسەڵاتی تاڵیبانی توندڕەوی جاران و "میانڕەو!"ی ئێستای دوای ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا، لەم حکومەتەی ئێستای ئەفغانستان باشتر نابێ. خەڵکی ئەفغانستان ئەمە دەزانن بۆیە بەشێک لەژنانی ئەفغانستان دەستیان داوەتە چەک بۆ پارێزگاری لە خۆیان بەرامبەر بە مەترسی گەڕانەوەی تاڵیباندا!

شکستی ئەمریکا لە ئەفغانستان و دەستی باڵا پەیداکردنەوەی تاڵیبان، ئەگەرچی ئەگەری ئەوەی هەیە کە دوبارە سەربکێشێتەوە شەڕێکی ناوخۆیی وێرانکەرو پشێوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری کە ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خەڵک و بەتایبەتیش ژنان لەناو بەرداشی خۆیدا بهاڕێت، ئەمەش بێگومان فەزای ئەمنی ناوچەکە و هەندێ وڵاتی دراوسێی ئەفغانستان شڵەژاو و ناجێگیر دەکات. لەوانە ڕەنگە لە کورتماوەدا گروپە ئیسلامیەکانی ناوخۆی چین ببوژێنێتەوە، بەڵام لەدرێژماوەدا بە قازانجی چین و ڕوسیا و ئێران دەشکێتەوە. کۆتاییهاتنی بوونی سەربازی ئەمریکا لەتەنیشت چین و ڕوسیاو ئێراندا، لەلایەکەوە بەردێک لەسەر وەبەرهێنانی سەرمایەی چینی لە ئەفغانستانی وێرانەدا لادەبات، کە ئێستا چین وەکو وڵاتێکی سەرمایەداری گەشە سەندوو بەشوێن وەبەرهێنانی سەرمایە زەبەلاحەکەیەوەیە لە ئاستی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین. هاوکات بوونی سەربازی ئەمریکاش لەپاڵ سنورەکانی ڕوسیادا لە باشورەوە کۆتایی پێدێنێ و گەمارۆی ڕوسیا لەلایەن ئەمریکاوە کە ساڵانێکی زۆرە بووەتە بەشێک لە ستراتیژی ئەمریکا بەرامبەر دژ بە ڕوسیا، ڕوبەڕوی شکست دەکاتەوە.

★

# درێژەی .. گیراوەکانی بادینان قوربانی چ سیاسەتێکن!

دەکرێت، لە کاتێکدا ئەو کەسانەی تاوانبار کراون، دژ بە هیچ یاساو ڕێساو تێکدانی ئاسایشی هەرێم کاریان نەکردووە، تا نەک دادگایی بکرێن بەڵکو پێویست نیە بانگێشت بکرێن بۆ دادگاو لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا بکرێت، هەتا گەر دژی ئەم دەسەلاتەو حزبەکانیش بن، دادگاییکردنیان و زیندانیکردنیان تاوانێکی گەورەیە کە دادگا لە ناو دەسەڵاتی بارزانی و پارتیدا جێبەجێی دەکات.

لەهەمانکاتدا جارێکی تر دەبینین بە تۆمەتی تێکدانی ئاسایش و سیخوڕی بۆ ئەمریکاو بەریتانیا، سیخوری بۆ مستەفا کازمی و بەرهەم ساڵح کەسانێکی تریش دەستگیرکراون و دراون بەدادگا، بە دوای ئەو هەموو ناڕەزایەتیە فراوانەی دیمان لەبەرامبەر ئەو شەش ساڵ زیندانیکردنەی بەسەر پێنج کەسدا سەپێنرا، داگاکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی نەک هیچ کاردانەوەیەکی ئینسانی و ئوسوڵی و دروستیان بەرامبەر پاراستنی ماف و شکۆی ئەو کەسانەدا نیشان نەدایەن، بەڵکو بەردەوامن لە پێشێلکردنی ئازادی و سزادانی هەموو ئەوانەی موخالفی دەسەلاتەکەیانن. هەرکەس دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی قەبول نەبێت و موخالفی سیاسەتەکانیان بێت، دەکەوێتە بەر مەترسی دادگاو سزادەدرێت و زیندانی دەکرێت، بەناوی ئەوەی ئاسایشی کوردستان تێک ئەدات. وەک ئەوەی دام و دەزگای ئاسایش لە کوردستاندا لەسایەی سی ساڵی دەسەڵاتی بارزانیدا، ئارامی بۆ خەڵکی کوردستان فەراهەم کردبێت.

بەشێک لە ناڕەزایەتیەکان لە ڕێگەی ئەم دۆسیەیەوە دەیانەوێت ئەوە بسەلمێنن کە دادگا لە کوردستانی عێراقدا سەربەخۆ نییە، بەڵام پێویستە ئەوە باش بزانین کە نەبونی سەربەخۆیی دادگا هیچ پەیوەندی بەم کەیسەوە نیە، بەڵکو واقعیەتی پێکهاتەی دەسەڵاتی سیاسیە لە کوردستاندا، واتە ئەو پێکهاتە سیاسیەی کە لە ساڵی ١٩٩١ وە داسەپا بەسەر کوردستاندا، نمونەی دەسەڵاتی بنەماڵەو هێزی میلیشیایە، بۆیە نەک دادگا سەربەخۆ نییە، بەڵکو تەواوی دەسەڵاتەکان لە دەسەڵاتی پەرلەمان و جێبەجێکردن و دادگا لەژێر کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی بنەماڵەو هێزە چەکدارەکانیان و حیزبە دەسەڵاتدارەکاندایە.

هەرسێ دەسەڵاتی پەرلەمان و جێبەجێکردن و دادگا لە چوارچێوەی پێکهاتەو کاروبارياندا شێوازێکە کە بەهیچ جۆرێک نەک ناچێتە پرۆسەی پارێزەری بەرژەوەندی سادەترین مافی هاوولاتیان، بەڵکو یاری بەچارەنوس و شکۆی ئینسانەکان دەکات، بەرژەوەندی سیاسی دەسەلاتی بنەماڵە لە پێش هەمو ئیعتبارێکەوەیە و دەبێت هاوولاتی ببێتە قوربانی ئەو سیاسەتەی دەسەلاتی بنەماڵە دەیخوازێت.

ئەو دەستگیرکراوانەی بادینان کە لە هەولێر دادگایی کراون، ئاکامی هەلومەرجێکی سیاسیە کە لەم دواییانەدا بارزانی و پارتی ناچاربوون بکەونە بەرامبەر پەکەکەوە، تا دەگاتە ئاستی بارگرژی و ڕاگەیاندنی شەڕی نێوانیان، ئەو ناچاریەش ئاکامی درێژبونەوەی سیاسەتێکە کە حکومەتی تورکیا بە لەشکرکێشی و دەخالەتی ڕاستەوخۆ لە ناوچەکەدا پەیرەوی دەکات.

بارزانی و پارتیش بەشێکی سەرەکین لە ملکەچی و پابەند بون بە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی تورکیاوە، بۆیە هەر ناڕەزایەتیەک لەبەرامبەر پاشکۆ بوونی بارزانی بۆ سیاسەکانی تورکیا، لە ئەجندای پارتیدا دەبێتە تاوان و خیانەت، دەنا پەکەکە چەندین ساڵە وەک هێزێک لە کوردستانی عێراقدا لەژێرسایەی دەسەلاتی یەکێتی و پارتیدا هەڵسورانی سیاسی خۆی ئەنجامداوە، هیچ یاسایەک لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە نەبوە بۆ قەدەغە کردنی هەڵسورانی سیاسی پەکەکە لە جوغرافیای کوردستانی عێراقدا، هەروەها هیچ یاسایەک نەبوە ڕێگربێت لەوەی کەسانێک لە دانیشتوانی خەڵکی کوردستانی عێراق ببنە ئەندامی پەکەکە، تاکو ئەندام بوون لە پەکەکەدا قەدەغە بکرێت و هەرکەس کار بۆ پەکەکە بکات ببێتە تاوان و سزا بدرێت. لەمەش سەیرتر ئەو گیراوانەن کە ئێستا بە بیانوی سیخوڕی بۆ ئەمریکاو بەریتاناو کازمی و بەرهەم، دەستگیرکراون و دراون بەدادگا، جێگای سەرنجێکی زۆر جدیە کە پارتی و یەکێتی بۆ خۆیان جگە لەوەی لە هەردوو جەنگی کەنداودا پاشکۆو جێبەجێکەری سیاسەتەکانی ئەمریکا بون، لە هەمانکاتدا کاری سیخوڕیشیان بۆ دەکردن، بەڵام نەک تاوان نەبو بەڵکو ئەوپەڕی شانازی نیشتمان پەروەری و کوردایەتی بوو بۆیان بە ناوی "پرۆسەی ئازادی" بۆ عێراق.

ئێستاش دادگای بارزانی کەسانێ زیندانی دەکات بە تاوانی سیخوڕی بۆ ئەمریکا، لە ڕاستیدا گاڵتەجاری ئەم کەیسە لەوەدایە کە لەشکرکێشی هێزەکانی تورکیا بەشێکی زۆری لە سنورەکانی کوردستان داگیرکردووە،هەروەها سیخوڕی و میتی تورکی بە کوردستاندا بلاوبۆتەوە بەڵام ناچێتە ناو خانەی خیانەت و دەستگیرکردن و لێکۆڵینەوەو دادگاوە، هیچ کەس بە سیخوڕی بۆ تورکیا دەسگیر ناکرێ و سزا نادرێت، چونکە کارەکانی بنەماڵەی بەرزانی لە چوارچێوەی بەڕێوەبردنی دانیشتوانی کوردستانی عێراقدا چۆتە ئەو ئاستەی کە تاچەند بەرژەوەندیەکانی لە ئێستادا لەگەڵ تورکیا دەگونجێ و پارێزراو دەبێت و چەند دەچێتە پێشەوە.

کەیسی گیراوەکانی بادینان و ئەو کەسانەی ئێستا لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانیدا دەستگیر دەکرێن

# گرانبونی نرخی بەنزین و کێشەی ئاو و کارەبا و سەرنجێک لەناڕەزایەتیەکان



## خەسرەو سایە

ئەمرۆژانە بەهۆی گرانبونی نرخی بەنزین و کەمی ئاو وکارەباوە، توڕەیی و ناڕەزایەتی لەنێو خەڵکدا، رووی لەپەرەسەندن کردوە ولەهەندێک شوێنیش، خۆپیشاندان و گردبونەوە، یەخەی دەزگا بەرپرسەکانی گرتوە، لەچەند جێگای تریش رێگای سەرەکی هاتوچۆی نێوان شارەکان بەستراوە.. بەمجۆرەش جولەیەکی جەماوەری لەپاڵ کێشەی دواکەوتن و لێبرینی موچەدا لەسەر کەمی خزمەتگوزاریەکان و لەدژی گرانبوونی بەنزین، لێرەو لەوێ و بەشێوەی پەرشوبلاو سەری دەرهێناوە وخواستی کارەبای٢٤ سەعاتەو ئاوی پێویستی لەڕیزی پێشەوەی داخوازیەکانی هاوڵاتیاندا، بۆ باشکردنی ژیان وگوزەران، بردۆتە سەرەوە. توانا و قابلیەتەکانی ئەم ناڕەزایەتیانە لەچیدایە ودەبێ چی بکرێ تا بەرەو بەدیهێنانی خۆاستەکانی بەرەوپێشەوە ببرێ؟

بۆ وەڵام بەم پرسیارە، دەبێ سەرەتا سەرچاوە و هۆکاری گرفتەکان بناسین و بزانین ئەو سیاسەت و کارنامەیە چیە کە لەپشت ئەو دۆخەوە راوەستاوە. بەتایبەتی کە ئەوە حکومەت و بەرپرسانی حزبە دەسەڵاتدارەکانە، گرانیی بەنزین و کەمیی ئاو وکارەبا بەقسەی پڕوپووچ پاساو دەدەن و زۆرجاریش گرفتەکە دەدەنەوە بەسەر شانی هاوڵاتیاندا. بۆ نمونە دەڵێن، گرانیی بەنزین دەگەڕێتەوە بۆ "زۆربوونی سەیارە لەشارەکاندا و زیادبوونی داوای هاوڵاتیان"، وەیا دەڵێن "ووشکە ساڵییەو هاوڵاتیانیش دەست بەکارەباو ئاوەوە ناگرن و بەفیڕۆدان زۆرە".. ئەم پاساوانە لەگەڵ ئەوەدا کە ناراستن، زیاتر بۆ پەردەپۆشکردنی ڕۆڵی کۆمپانیاکان و ئەو قۆرغکاری و سیاسەتەیە کە حکومەت و حزبە دەسەڵاتدارەکان بۆ بەتاڵانبردنی ڕەنجی هاوڵاتیان و کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری سەرمایەو داهات بۆ خۆیان و سەرمایەدارانی دەستوپێوەندیان گرتویانەتەبەر.

کەوایە با لەپێشەوە لەسەر هۆکاری گرانبوونی نرخی بەنزین ڕاوەستین:

بەپێچەوانەوەی ئەو بۆچوونەوە کە گرانبوونی نرخی بەنزین بۆ زۆربوونی داوای(تەڵەب) هاوڵاتیان لەسەر بەنزین دەگەڕێنێتەوە، زانستی ئابوری پێمان دەڵێت کە زیادبوونی ڕێژەی داوا لەسەرهەر کاڵایەک، سەرەکیترین فاکتۆرە بۆ بردنەسەری ئاستی بەرهەمهێنان و جولەی بە بازارخستنی ئەو کاڵایە. گرانبوونی بەنزین ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەڕۆڵی ئیحتکارکردن و قۆرغکاری کۆمپانیاکانی سەر بەدەسەڵات و حزبەکانەوە هەیە، لەوانە کۆمپانیای کار، سەن ئۆیەڵ، کورد نەفت. ئەم کۆمپانیایانە لەچوارچیوەی سیاسەتێک کە حکومەت لەژێرناوی چاکسازیدا بۆ بەدەستهێنانی داهاتی زیاتر ڕێگەی پێداون لەنێوان خۆیاندا بەنزین دەستاودەست پێبکەن وهەرجارەش زێدەیەک بخەنە سەر نرخەکەی، بەبێ ئەوەی ئەم کۆمپانیایانە ئەرک و زەحمەتێک ئەنجام بدەن، هەروەها ڕێژەی دابەشکردن و بەبازارکردنی بەنزین دیاری بکەن و بەم پێیەش بەپێی قازانجی هەر یەک لەو کۆمپانیایانە نرخەکەی ببەنە سەرەوە. بەڵام تا ئەو جێگەیەی بەڕۆڵی ڕاستەوخۆی حکومەت خۆی دەگەڕێتەوە، گرانبوونی نرخی بەنزین لەهەرێمی کوردستاندا، ئەڵقەیەکی تەواوکەری سیاسەتی هێنانەخوارەوەی نرخی دراوی عێراقیە لەچاو بەهای دۆلاردا، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێگایانەی کە بۆ هێنانەخوارەوەی ئاستی بژێوی هاوڵاتیان و

## پاشماوەی .. گفتوگۆ لەگەڵ عوسمانی حاجی مارف!

کەیسێکی تەواو سیاسیە، بارزانی تا بتوانێ، نایەوێت پاشەکشەی لێ بکات، ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەی کە لەناوچەکەو عێراق و کوردستاندا پێشبینی دەکرێت، ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا خستوتە بەردەم چارەنوسێکی نادیارو گێژاوێکی سیاسی زیاترەوە، بۆیە بارزانی پێی وایە کە ئەم هەوڵانەی لە خۆبەستنەوەو ڕادەستکردنی هێزو دەسەڵاتەکەی بە تورکیا ڕێگایەکە بۆ دەرباز بونی لە ناو ئەو جەنجاڵە سیاسیەی کە کوردستانی لە گرێ کوێرەیەکدا ڕاگرتووە، بۆ ئەم هەنگاوانەش دەسەڵاتی بارزانی پێویستی بە سەرکوت و زیندان و پێشێلکردنی ئازادی سیاسیە، کە لەهەنگاوی یەکەمدا گیراوەکانی بادینان دەبنە قوربانی.

★

# درێژەی .. گرانبونی نرخی بەنزین و کێشەی ..

بەهای ئەو داهاتەی کە بەشێوەی کرێ ومووچەی مانگانە، دەکەوێتە دەستیان. چونکە بەگرانکردنی نرخی بەنزین، نرخی بەشێکی زۆر لە کاڵا خۆراکی و پۆشاک و ئەو کاڵایانەی کە بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە بەکاردەبرێن بەرزدەکاتەوە، بەمجۆرەش هاوڵاتی دەبێ خەرجیەکی زیاتر بدات تا بژێوی ڕۆژانەی دابین بکات. بەمجۆرەش گرانبوونی نرخی بەنزین ڕیشەی لەسیاسەت و کارنامەیەکی قوڵترو فراوانتری حکومەت و کۆمپانیای حزبەکاندایە و دەبێ لەم ئاستەدا بەرپەچ بدرێتەوە.

تا ئەو جێگەیەی بە کەمی ئاو و کارەباو خزمەتگوزاریەکانی تر دەگەڕیتەوە، دیسانەوە کێشەکە بۆ سیاسەتێک دەگەڕێتەوە کەحکومەتی هەرێم بەدوای دەرهێنانی نەوت و سپاردنی خزمەتگوزاریەکان بەکەرتی تایبەت و لەم چوارچێوەیەشدا بەڕێخستنی سیستمێک لە"سەرمایەداری بازاڕ"، کەدەسەڵاتی تەواوی بەخشیوە بە کۆمپانیاکان و ئیتر حکومەت هیچ بەرپرسیارێتیەک لەئاست دابینکردنی بیمە کۆمەڵایەتیەکان، خزمەتگوزاری و دامەزراندنی هاوڵاتیانی ئامادەبەکار، لە ئەستۆ ناگرێ و ئەوە بازاڕو ویستی کۆمپانیاکان و ڕێژەی قازانج و جوڵەی سەرمایەکانیانە، کە ئاستی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و پاکژکردنەوەی شارەکان دیاری دەکەن.

لەلایەکیترەوە، ئەو سیستەمە لەبەرهەمهێنانی کارەباو گەیاندنی ئاو بەشارەکان، کە حکومەتی هەرێم بەڕێوەی دەبات، سیستەمێکی کۆنەو پاشماوەی هەمان ئەو ژێرخانە ئابوری و خزمەتگوزاریانەیە کە حکومەتی بەعس زیاتر لەنیو سەدەیە لەوەڵامدانەوە بەپێداویستیەکانی دامەزراندنی سەرمایەداری و بازاڕی ناوخۆ لەکوردستاندا دایمەزراند. کەناڵکێشی ئاو، ئاودێری و بەنداوەکان بۆ کۆکردنەوەی ئاو و دامەزراندنی سەرچاوەی ئاوی، تۆڕی گەیاندنی کارەبا و بنکەکانی بەرهەمهینانی کارەباو تۆربینەکان .. ئەمانە لەپاڵ وەگەرخستنی پاڵاوگە نەوتیەکاندا، ڕویان لە کۆکردنەوەی هێزی کارو دانیشتوانی شارەکان و بەیەکەوە بەستنەوەیان کرد. بەڵام دیارە بەپشت بەستن بەداهێنان و تەکنۆلۆژیای ئەوکاتە.. ئێستا دەبینین کە هەم شارەکان فراوان بونەتەوەو هەم ڕێژەی دانیشتوانی هەرێم چۆتە سەرەوەو هەروەها داهێنان و تەکنۆلۆژیای تازەش لەم بوارەدا پەرەی سەندوە، هەر بۆیە ئەم سیستەمە بەو حاڵەوە کەهەیەتی لەچاو چاوەڕوانی هاوڵاتیان و پەرەسەندنی کۆمەڵگادا لەدواوەیە و هەرگیز ناتوانی وەڵامدەرەوەی ژیانی سەردەمیانەی هاوڵاتیان بێت.

بەڵام ئیستراتیژی ئابوری حکومەتی هەرێم لەبەرامبەر ئەم دۆخەدا چی بوەو چ کارنامەیەکی بردۆتە پێشەوە؟ بێگومان ستراتیژی ئابوری حکومەتی هەرێم وەک هەر دەسەڵات و ڕژێمێکی بۆرژوازی و سەرمایەدارانە، لەبنەڕەتەوە بۆ وەڵامدانەوە بە نیاز و ویستی هاوڵاتیان نەبووە و نیە، یانی بۆئەوە نەبووە کە خزمەتگوزاری کامڵ و پڕ بەنرخی گونجاو بخاتە بەردەست هاوڵاتیان و بۆ ئەمەش پێ بەپێی پەرەسەندنی دانیشتوان و گەورەبونەوەی شارەکان ئاڵوگۆڕ لەو سیستەمە خزمەتگوزاریەی کەلە بەعسەوە بۆی ماوەتەوە پێک بهێنێ و پەرەی پێ بداو لەگەڵ تەکنۆلۆژیای تازەدا تێکەهەڵکێشی بکات، بەڵکو سیاسەتی حکومەت لەپێناو بەدەستهێنانی قازانج و کەڵەکەی سەرمایەدا، هاوشان لەگەڵ سیاسەت و بڕیارەکانی سەرمایەداری جیهانی و نیولیبڕالیزمدا و بە پشتبەستن بە ڕێنمایەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی، سیاسەتی بەتایبەتیکردنی کەرتی خزمەتگوزاریەکان و سپاردنی بەکۆمپانیا ئەهلیەکان کە بەرپرسانی حکومەت و حزبەکان هەر بۆخۆیان خاوەنانی سەرەکی ئەم کۆمپانیایانە بن، بەڕێخست. بەڵام بەتایبەتیکردنی خزمەتگوزاریەکان هەر فرۆشتن و هەڕاجکردنی پڕۆژەکانی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریەکان نیە، بەکۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت، بەڵکو ئەلقەی تەواوکەری ئەم ئیستراتیژی و سیاسەتە ئابوریە، دەستکێشانەوەی حکومەتە لەهەرجۆرە بەرپرسیارێتیەک لەبەرامبەر دابینکردنی بیمە کۆمەڵایەتیەکان، کۆنترۆڵی بازاڕ و کاردۆزی بۆ گەنجان، دیاریکردنی لانی کەمی ژیان لەڕیگای زیادکردنی نرخی هێزی کاری کرێکاران وموچەی فەرمانبەرانەوە، دابینکردنی خزمەتگوزاریە گشتیەکان وەک ئەرکێکی حکومەت و دەزگاکانی.. نەک هەرئەمانە، بەڵکو دەبێت حکومەت هەموو ئەو کارگەو پڕۆژە ئابوری و خزمەتگوزاریانە کە خاوەندارێتیەکەی بۆ حکومەت دەگەڕیتەوە، پشتگوێ بخات و هەنگاو بەهەنگاو لەبەردەم جوڵەو قازانجی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتدا، بەشکستیان بکێشێ و لەفەرامۆشکاریدا ڕایان بگرێ، تا لەکاردەکەون و لەبازاڕی موونافەسەدا وەدەردەنرێن.

حکومەتی هەرێم بەڕۆشنی لەدوای ساڵی ۲۰۱۰ وە دەستی بۆ ئەم سیاسەت و ستراتیژە ئابوریە برد وهەنگاو بەهەنگاو کاری لەسەر کرد تاسەرەنجام دۆخی خزمەتگوزاریەکانی بەم ڕۆژە گەیاندووە.. ئێستا ئیتر دەبێ ئەوەمان لێ مەعلوم بێت کە تا ئەم حکومەتە لەسەرکار بێت ئەم سیستەمە لەخزمەتگوزاری کە ناتوانێ وەڵامی ویستی هاوڵاتیان بداتەوە درێژەی دەبێ. بەواتایەکی تر ئەگەر بمانەوێت لەکۆمەڵگایەکدا بژین

# درێژەی .. گرانبونی نرخی بەنزین و کێشەی ..

بیمەکۆمەلایەتیەکان لەئارادابێ وخزمەتگوزاری تێروتەسەل، نەک هەر بەنرخی گونجاو، بگرە بەخۆڕایی بخاتە بەردەست هەموو هاولاتیان، ئەوا دەبێ ئەم دەسەڵات و سیستەمە وەلابنرێ و ئابوری و سیستەمێک لەدەسەڵاتداریتی جێگای بگرێتەوە کە موڵکیەتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان و گواستنەوە، تێیدا گشتیەوە خەڵکی کارگەرو زەحمەتکێش خۆیان کۆمەڵگا لەڕێگای شورا و ئەنجومەنەکانی خۆیانەوە بەڕێوەدەبەن. لەیەک ووتەدا ئابوری سۆشیالیستی و حکومەتی شوراکان، وەلامی بنەڕەتیە بە ئابوری سەرمایەداری و حاکمیەتی حزبە بۆرژوازیەکانی کورد و هەموو ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەم سیستەمەوە سەری دەرهێناوە، بەخودی بێئاوی و بێکارەبایی و هەژاری و بیکاریشەوە. بەڵام تا کاتێک ئەم سیستەمە بەکردەوە کۆتایی پێنەهێنراوە، دەبێ چیبکەین تا لانی کەمی خزمەتگوزاریەکان بەدەست بێت؟ لەوەلام بەم پرسیارەوەیە کەدەبێ سەرنجەکانمان ببەینەوە سەر ناڕەزایەتیەکانی ئەم دەورەیەی جەماوەر کە بۆ خواستی ئاو و کارەبا کەوتۆتەڕێ:

بەدڵنیاییەوە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بۆ خواستی ئاو وکارەبا، یەک کردەی بەرهەق ڕەوایەو هاوڵاتیانی کوردستان، تا ئەو کاتەی هێزوتوانایان نەگەیشتووە بەوەی کە دەسەڵاتداریێتی خۆیان دامەزرێنن و جومگەکانی بەرێوەبردنی ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە بگرن، دەبێ یەخەی دەسەڵات و حزبەکان بگرن و ئەم ناڕەزایەتیانەی خۆیان بەرین و فراوان بکەنەوەو لەئاستی شارو گەرەک و ناوەندەکانی کارو بەڕیوەبەرایەتیەکاندا، دەسەلاتداران بخەنە ژێر گوشارەو ناچاری بکەن بەملدان بەخواستی خەڵک. بەڵام لە دۆخی سیاسی ئێستای کوردستاندا و لەگەڵ هەبوونی قەیرانێکی حکومەتی و بێتواناییەک کە ئەم دەسەڵاتە لەگەڵی بەرەو ڕووە، هاوکات وەک ئەوەی کە کێشەی ئاو و کارەباو گرانبوونی بەنزین، کێشەی سیستەم و نیزامێکی سەرمایەدارانەیە، دەبێ ئەم ناڕەزایەتیانە بەشێک بێت لەخەبات لەدژی ئەم سیستەمەو ئەم دەسەڵات و بەڕێوەبردنەی حزبەکان و کۆمپانیاکانیان. دەبێ دژی سەرمایەداری و حاکمیەتەکەی بێت، دژی سیاسەتی بەتایبەتیکردن بێت، ئەمەش بەمانای ئەوە دەێت کەدەبێ لەدڵی ئەم خەبات و ناڕەزایەتیاناوە، کۆبوونەوە گشتیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەرانی جەماوەر سەر دەربهێنێ و کۆنترۆڵ و خۆبەڕیوەبەرێتی جەماوەری، بوارەکانی خزمەتگوزاری، لەبەرهەمهێنانیەوە تا دابەشکردن و بەردەستخستنی، لەدەست بگرێ. بەواتایەکی تر دەبێ خەبات و ناڕەزایەتی بۆ خواستی ئاو و کارەبا، بەشێک بێت لەخەبات بۆ دەخاڵەتکردنی خەڵکی نارازی و وەدرنانی بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی ئیستای دەسەڵاتداران، لەئاست پڕۆژە و یەکەکانی خزمەتگوزاریەکاندا. بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم خەبات و ناڕەزایەتیانەی جەماوەر هەر لەدوتویێ خواستێکدا قەتیس بمێنیتەوە، وە یا بەم پەرشوبڵاویەی ئێستایەوە درێژە بکێشێ، ئەوا لەباشترین حاڵەتدا، هەر ئەو توانایەی دەبێت کە دەسەڵات ناچار بکات بەزیادکردنی ٢سەعاتێکی ڕۆژانەی کارەباو دابەشکردنی ئاو لەڕێگای چەند تەنکەرێکەوە.. کەدیارە ئەم کارە نەک هەر دۆخەکە چارەسەر ناکات، بەڵکو ناڕەزایەتیەکان خاودەکاتەوەو لە چاوەڕوانیدا بەدیار کارنامەی دزێوی حکومەتەوە ڕایاندەگرێ.

سەرنجێکی تر لەسەر ناڕەزایەتیەکانی ئێستا ئەوەی کە خەبات بۆ دابینکردنی ئاو و کارەبا، نابێت بە دابڕاو لەخەبات بۆ بەدەستهێنانی باشبژێوی و دابینکردنی بیمە کۆمەلایەتیەکان و ڕاوەستانەوە لەدژی بەتایبەتیکردنی کەرتی خزمەتگوزاریەکان جیابکرێتەوە. بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە قەیرانی ئابوری هەیەو حکومەت لەژێر ناوی چاکسازیدا، دەستی بردووە بۆ داسەپاندنی بێکاری و لێبڕینی موچەو سیاسەتی باجگیری و گرانکردنی نرخی بەنزین و کاڵا بژێویەکانی تر.. لەدۆخێکدا کە حکومەت بەهەموو ڕێگایەک دەیەوێت دابینکردنی بودجەو کۆکردنەوەی داهاتەکەی، لەسەر حسابی داسەپاندنی هەژاری وهەژارکردنی زیاتری خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و فەرمانبەران جێبەجێ بکات. بەم پێیەش خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئاو و کارەبا دەبێ بەشێک بێت لەجوڵانەوەی دژی هەژاری و بێکاری و دابینکردنی لانیکەمی ژیان و بژێوی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان. بۆ ئەمەش دەبێ لائیحەی داخوازیە کۆمەلایەتی و ئابوریەکان وەک مافێکی سەرەتایی بەدەستەوە بگیرێت و بکرێتە ئاڵای ناڕەزایەتیەکانی ئێستا و ناوکۆکەیەک بۆ سەراسەری کردنەوە و یەکگرتووکردنی ڕیزەکانی جەماوەری نارازی. لەیەک ووتەدا ناڕەزایەتیەکانی ئێستا بۆ خواستی ئاو و کارەبا دەبێ پەرەبگرێ و مەیدانی هەموو شارەکان بگرێتەوە و دەست پێبکات، بەڵام ڕاوەستاوی و بەسەرکەوتن گەیاندنی ئەم خەباتەو ئەم ناڕەزایەتیانە، دەبێ بەئاسۆیەکی دژە سیستەم و دژە سەرمایەداری وحاکمیەتەکەیەوە لەمەیداندا بێت و لەڕەوتی خۆیدا کۆنترۆڵ و خۆبەڕێوەبەرێتی جەماوەری لەخوارەوە پەروەردە بکاو بهێنێتەکایەوە. دەبێ هەر لەئێستاوە لائیحەی داخوازیەکانی باشکردنی ژیان بەدەستەوە بگیرێ و وەک بەشێک لەبزوتنەوەی دژی هەژاری و بیکاری وبۆ هێنانە کایەوەی کۆمەڵگایەکی خۆشگوزەران ڕێچکە بگرێ..

٧/٧/٢٠٢١

# پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەڕێگای هەڵبژاردن و پەرلەمانەوە خۆشخەیاڵکردنی جەماوەرە!



جەمال موحسین

هەمووان ئێستا جارێکی تر خەریکی بەزم و لێدانی بەیت و باڵۆرەی هەڵبژاردن و هەڵمەتەکانی خەڵک فریودانن بۆ ئەو شتەی کە بڕیارە لە تشرینی دووەمی ئەمساڵدا ڕووبدات. تەواوی ئەحزابی بۆرژوازی بە کوردایەتی و ئیسلامی و بەناو لیبرالیەوەیە لە پرۆسەی خۆئامادەکردن بۆ ''هەڵبژاردن''دا سیناریۆ جۆراوجۆرەکانیان بەڕێخستووە. خۆیان بە مەسەلەی موچە و قوتی خەڵک و ئاو و کارەبا و بەنزین و تەندروستی و پێداویستیە خزمەتگوزاریەکانی خەڵکەوە هەڵواسیوە و گوایە ئەمانە ''شەریفی مەککە''ن و ئەگەر خەڵک دەنگ بە ئەمان بدات ئیتر مەسەلەکە تەواو ئەبێ و هەمووان خۆش ئەژین.

ئێستا خەڵکی بەشمەینەت یەکێتی و پارتییان زۆر باش ناسیوە و هەر دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسێ لوتیان ئەدەن لە زەوی. بەلام تەماشای ئەوانە بکەن کە بەناوی ئۆپۆزسیۆن و نەیاری ئەوانەوە دەرئەکەون. هەموویان لە یەک فەلەکدا ئەخولێنەوە، فەلەکی هەڵبژاردن و پەرلەمان و بەردەوامبوونی هەمان سیستەم بە گۆڕینی دەموچاوەکانەوە. کەسێک لەوان باس لە گۆڕینی تەواوی سیستەمێک ناکەن کە خەڵکێکی بێشوماری هەژار و بێکار و بێموچە و برسی و موحتاج کردووە. ئەوان کێشەکەیان لەگەڵ ئەوەیە کە کێ و چەند بەشی لە تالانکردنی کۆمەڵگە پێئەبڕێ. ئەسڵەن مەسەلەکەیان ئەوە نییە کە تالانی کۆتایی پێبهێنرێ و بنبڕبکرێ. تەواوی هێزەکان و باڵە ڕەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوازی ئەیانەوێ ڕاکێشانی دەنگی خەڵک بۆ هەڵبژاردن و پەرلەمان لەپێناو بەردەوامیدان و مانەوەی هەمان ئەو دەزگا و سیستەم و حوکمەدا بەکاربهێنن کە هەر خودی ئەوە لە دژی خەڵک حوکم ئەکات و یاسا و بڕیار دەرئەکات.

سەیر کەن کە پەرلەمان چ سوودێکی هەیە؟ سوودی بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەشانی کۆمەڵگا چییە؟ ئایا ئەو پەرلەمانە یەک جاریش جەسارەتی کردووە کۆمپانیاکانی سەر بە گەورە بەرپرسانی دەسەڵاتدار بخاتە ژێر کۆنترۆڵەوە و لێپرسینەوەیان لێبکات؟ لە کاتێکدا کە هەر ئەو دەزگایە داکۆکی لە بڕینی موچە و دیارنەمانی پارە و سامانی کۆمەڵگا کردووە! سوودی بۆ ژنان و لاوانێک کە گیرۆدەی کۆنەپەرستی پیاوسالاری و باوکسالاری کراون چییە؟ داکۆکی لە یاسای فرەژنی کردووە و لاموبالاتی بەرامبەر کوشتنی ناموسی و کوشتنی فراوانی ژناندا نواندووە. سوودی بۆ هیچ کەسێک نییە جگە لە خاوەن کۆمپانیا و پشک و بازارسازیەکان نەبێ.

پەرلەمان زۆر بەسوودە بۆ خاوەنی کۆمپانیاکان و پرۆژەکان و بازرگانی و بزنسەکان تاکو یاسای زیاتر بۆ هێشتنەوەی قازانجەکانی ئەوان بهێڵێتەوە و هی نوێش دەربکات کە ئەمەش لەسەر بنەمای چەوسانەوە و زوڵم و دزی لە حەقدەستی کرێکاران و خەڵکی بێبەش و فەرمانبەر و مامۆستایان و کارمەندان نەبێ بە دەست نایەت. شێوەنی هەموو حزبەکانی بەشدار لە ''پرۆسەی سیاسی کوردستان'' دا هەر ئەمەیە و هیچی تر.

بەلام ئەم جۆرە سیستەمە خۆ ڕێگایەک بۆ نوێنەرانی کرێکارانی ناوەندە پیشەسازیە گەورەکان، یان خزمەتگوزاریەکان یان خەڵکی دەستفرۆش و بێکار و زەحمەتکێش نادۆزێتەوە تاکو بتوانن وەک نوێنەری بەشێکی زۆری کۆمەڵگا بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن و بچنە ئەو شتەوە کە پێی ئەڵێن پەرلەمان. با بۆ نمونە بڵێین کرێکارانی پالاوگەکانی نەوت، کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاسن و کانزاکانی دی و ...هتد دەرفەتیان دەست ئەکەوێت و ئەچنە ئەوێ، ئایا ئەهێڵن لەوێ یاسایەک دەربکەن و بەپێی ئەو یاسایە هەر ئەو زێدەباییەی کە لە بەری ڕەنج و فرۆشتنی هێزی کاری ئەوان بەرهەم دێت و ئەبێتە پارەی زیادە و ئەڕژێتە گیرفانی خاوەن سەرمایە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی ئەو کارگە و ناوەندانەوە هەڵبوەشێتەوە؟! هەرگیز نا!

تەواوی ئەو هێزانە، لە کۆمەڵی دادگەریی کوردستان و یەکگرتووەوە بگرە تا نەوەی نوێ کۆکن لەسەر ئەوەی خەڵک بە ئاسانی تەسلیمی هەمان شێوە لە بەڕێوەبردن و حکومەتکردن و یاسادانان بکەنەوە، گرنگ نییە چەند ساڵی تریش درێژە بکێشێ تەنها کەس و دەموچاو و حزبەکان بگۆڕێن و ئەمجارە ژمارەیەکی تری لەوان تێدا بێت بەسە!!

بەلام ئەم دۆخەی کوردستانی تێکەوتووە پێویستە تێیپەڕێنرێ. ئەوە تەواوی سیستەمەکەیە کە پێویستە و ئەبێ بگۆڕدرێ. پەرلەمان و هەڵبژاردن هەر ئەوەیە و هەر ئەوە ئەبێ کە هەیە. کەوایە خودی سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابوریانە و سیاسیانە و کۆمەڵایەتیانەی کۆمەڵگایە کە ئەبێ گۆڕانی بەسەردا بێ. ئەوەش بە بەشداربوون لە هەڵبژاردن و پرۆسەی



# پەرلەمانی پارتی و یەکێتی!

مستەفا باهیر

لە رۆژی ٢٨ حوزەیران بەناو پەرلەمانی کوردستان لە کۆبونەوەی بەهاری ژمارە ١٦ی خۆی تیمێکی لە حکومەتی هەرێم بانگێشتی پەرلەمان کرد تاوەکو لەسەر پرسی موچەو داهاتی کوردستان وەلامی پرسیاری پەرلەمانتاران بدەنەوە. هەریەک لە وەزیری دارایی و سامانە سروشتیەکان و وەزیری هەرێم بۆ کاروبار لەگەڵ حکومەتی ناوەند، ئامادەبوون.

کوبونەوەی پەرلەمان ماوەی ١٨ کاتژمێری خایاند، ٩٦ پەرلەمانتار پرسیاریان ئاراستەی وەزیرەکان کرد، ئەوەی جێگای سەرنج بوو لەم دانیشتنەدا ئەوە بوو کە روون نەبوو کام پەرلەمانتار سەر بە حزبەکانی دەسەڵاتەو کام پەرلەمانتار سەر بە حزبە بەناو ئۆپۆزسیۆنەکانە، چونکە هەموویان کەوتنە رەخنەگرتن لە حکومەت بەتایبەتی لە وەزیری دارایی کە سەر بە بزوتنەوەی گۆرانە.

بەجیا لەوەی ئێمە وەک کۆمۆنیستەکان چۆن دەروانینە پەرلەمان، بەڵام ئەوەی کە باوە بەگشتی لەناو پەرلەمانەکانی جیهاندا فراکسیۆنی ئەو پارتانەی (حزبانەی) کە حکومەتیان پێکهێناوە بەرگری لە سیاسەتی حکومەتەکەیان دەکەن. حزبە ئۆپۆزیسیۆنەکانیش بەدوای کەمو کورتیەکانی حکومەتەوە دەبن و دەیانخەنە بەرچاو و رەخنە لە سیاسەت وکارەکانی حکومەت دەگرن. بەهۆی بوونی دەزگای چاودێری بەهێز و سەروەری یاساو رای گشتی و چاونەپۆشینی حیزب لە کادرەکانی خۆی ، زۆرێک لە وەزیرو کاربەدەستانی حزبە دەسەڵاتدارەکانیان ناچار کردوە کە داوای لێبوردن لە خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان بکەن و هەندێ جاریش دەستیان پێ لەکار کیشاونەتەوە.

بەڵام لەکوردستاندا بەهۆی بوونی ئەحزابی ملیشیایی شتێک نیە بەناوی دامودەزگا یان بەناوی سەروەری یاساوە. ئەو هەڵبژاردنەشی کە دەیکەن جگە لەگاڵتەجارییەک بەولاوە شتێکی تر نیە. ئەندام پەرلەمانەکان پێش خەڵکی کوردستان باشتر دەزانن ئەوەی کە لەکوردستاندا هەیە پەرلەمان نیە، بەڵکو دیوەخانێکە یەکێتی و پارتی دروستیان کردوە تاوەکو شەرعیەتێکی نێودەوڵەتی بەخۆیان بدەن. ئەگەر پەرلەمان گرنگ بوایەو شوێنی یاسادانان و چاودێریکردنی حکومەت بوایە ئەوا بەشی زۆری ئەندامانی پەرلەمان لە بنەماڵەی بەرزانی و تاڵەبانی دەبوون! یاخود بەرپرسانی حزبەکان لەناو پەرلەماندا دەبوون. ئەو کۆمەڵە حزبەش کە بەناو ئۆپۆزسیۆنەوە بەشداری هەڵبژاردن دەکەن و لەگەڵیان جارجار حکومەت پێکدەهێنن و لەناو پەرلەماندا جارجار هاتوهاوار دەکەن و دەبە ئاو قونەرەش دەهاوێژن یاخود تەپڵ لێدەدەن، تەنها بۆ ئەوەیە لەدزینی سەروەتو سامانی کوردستان لەلایەن ئەو دووبنەماڵەیەوە ، بەشێکیان بەربکەوێت.

بەڵام لە دانیشتینی ئەمجارەی رۆژی ٢٨ حوزەیراندا ئەندامانی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەجیا لە دەورانی پێشوو کە هەمیشە وا خۆی نیشان دەدا بەرپرسیارەتی حوکمرانی دەگرێتە ئەستۆی و ئامادەیە لە پاڵ دەستکەوتەکاندا ئۆباڵی کێشەو قەیرانەکانیش لە ئەستۆ بگرێت، وە گلەیی لەوحزبانە هەبوو کە لەگەڵیاندا بەشداری حکومەتیان کردوە دەیانەوێت لە یەک کاتدا حوکمران و ئۆپۆزیسیۆنیشبن، ئەمجارە ئەوانیش هێرشیان کردە سەر حکومەت و کۆمەڵێک

⇦

---

⇨ پاشماوەی .. پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەڕێگای هەڵبژاردن وپەرلەمانەوە خۆشخەیاڵکردنی جەماوەرە!

دیموکراسی پەرلەماندا مەیسەر نابێ.

خەڵکی بێبەش و زەحمەتکێش نەک هەر نابێ بەشداری لەو دەنگدان و هەڵبژاردنەدا بکەن کە بڕیارە بەڕێوەبچێ، بگرە پێویستە تەواوی پرۆسەکە بشێوێنن بە سەریاندا. بەڵام لەم پێناوەدا پێویستە خەبات و تێکۆشانی جەماوەری بەو ئاقارەدا بچێ کە هەرچی داواکاریەکە کە هەیەتی لە چەشنی باشبوونی ژیان و دابینبوونی خزمەگوزاریە تەندروستیەکان و خوێندن و ئاو و کارەبا و.. هتد بەرزی بکاتەوە و یەخەی دەسەڵاتی لەسەر بگرێ. بە رۆشنی رایبگەیەنێ کە خەڵک پێویستی بە هەڵبژاردن نییە، پێویستی بە دابینبوون و هاتنەدی ئەو داواکاریانە هەیە. هاوکاتیش لە هەوڵی دەرهێنانی ئیمکانیات و داهات و پێداویستیەکاندا بێ لە دەستی ئەوان و کۆنترۆڵی خۆی بەسەریاندا زامن بکات. ئەمەش نە خەباتی پەرلەمانی و هەڵبژاردنە و نە هیچ، بگرە لە رێڕەوی بەشداری نەکردن و هەڵوەشانەوەی سەر لەبەری ئەو پرۆسەیەدا، خەباتە بۆ مەیسەرکردنی دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای ئیرادە و بەشداری راستەوخۆی کرێکاران و جەماوەری بێبەش.

★

# مناوەراتی نێوان ئەمریکاو ئێران و هێرشە درۆنیەکان بۆسەر هەولێر!

ماوەیەکە ناوبەناو هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکرێتە سەر شاری هەولێر و فڕۆکەخانەی هەولێر. سەرچاوەی هێرشەکانیش میلیشیا شیعە جۆراوجۆرەکانی سەر بە ئێرانن کە ئامانجی هێرشەکانیان ئیزعاجکردنی هێزەکانی ئەمریکایە لە عێراق و ناچارکردنی ئەمریکایە بە نواندنی نەرمی بەرامبەر ئێران و دەستبەرداربوونە لە فشارو دژایەتی کردنی ئێران.

سالانێکە سیاسەتی ئەمریکا لە نێوان تاکتیکی خاڵیکردنەوەی دوولایەنەدا دەچێتەپێشەوە. جارێک دانوسان و جارێک هێرش و تەمێکردن. ئامانجی ئەمریکا ئەوەیە کە پەلوپۆی ئێران لەناوچەکەدا بکات و دەستبەرداری هاوکاریکردنی هێزو گروپە ئیسلامیە شیعەکانی ناوچەکە بێت و بیخاتەوە ناو ئێران و وەکو رژێمی سیاسی بێ کێشە و سەریەشە بۆ ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی و

⇦

## پاشماوەی.. پەرلەمانی پارتی ویەکێتی!

پرسیاریان ئاراستەی وەزیری دارایی کردو توانیان بە تەواوەتی بەرپرسیارەتی دواکەوتنی موچەو کێشە داراییەکان بخەنە پای وەزیری دارایی کە سەر بەگۆڕانە! دەتوانین بڵێین فراکسیۆنی پارتی لەم دانیشتنەدا لە ئۆپۆزیسیۆن ئۆپۆزیسیۆن تر بوون!

ئەم دانیشتنە نەک نەیتوانی چارەسەری کێشەکان بکات و بڕیارێک لەوبارەیەوە بدات، بەڵکو ناکۆکیەکانی قوڵتر کردوە. وەزیری دارایی و وەزیری هەرێم هەردووکیان ناچاربوون بایکۆتی دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیران بکەن. بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە وەزیرەکەی گۆڕان بوو کەهیچ ووشەیەکی راستی نەدەدرکاند لەکاتێکدا دەشیزانی پارتی و یەکێتی بەئاشکرا هێرش دەکەنەی سەری و شکستی حکومەتەکەی مەسرور بەرزانی لە رووی داراییەوە دەخەنە ئەستۆی ئەو! چونکە وەزیری دارایی زۆر بە ئاسانی دەیتوانی راستیەکان ئاشکرابکات و ئەوحزبانە تاوانبار بکات کە دەستیان بەسەر داهاتی ولاتدا گرتوە! بۆیە دەبێت بزوتنەوەی گۆڕان پێش ئەوەی یەکێتی و پارتی بە پاشقولگرتن تاوانبار بکەن، دەبێت سەرزەنشتی وەزیرەکەی خۆیان بکەن کە راستیەکانی نەدرکاندوە.. یاخود نەدرکاندنی راستیەکان ئەو دەنگۆیانە پشتراست دەکاتەوە کە ئەمانیش بەهۆی ئەو کۆمپانیایەی کەهەیانە لەگومرگی باشماخ و سەیرانبەگ بەناوی تەعقیمکردنی سەیارەکانەوە پارەیەکی باشیان دەستدەکەویت. بۆیە لەبری ئەوە چاوپۆشی لەو هێرشەی پەرلەمانتاران دەکەن بۆ سەریان.

سی ساڵە ئەم حزبە ناسیۆنالیستە کوردیانە بەهاوکاری حزبە ئیسلامیەکان دەسەلاتدارن. ساڵ لە دوای ساڵ ژیان و گوزەرانی خەڵکی بەرەو خراپتر دەڕوات. بۆیە خەلکی کوردستان دەبێت ئەو راستیە باش بزانن کە لەسایەی دەسەڵاتی ئەم حزبە کوردیانەدا، نەک هیچ جۆرە تروسکاییەک بۆ گۆڕانکاری لە دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی، لە بەرژەوەندی چینی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستاندا بەدی ناکرێ و روونادات، بەڵکو لەژێر سایەی دەسەلاتی ئەم حزبانەدا بە دەسەلاتدارو ئۆپۆزسیۆنیەوە دۆخی سیاسی و ئابوری کوردستان بە ئاراستەی هەلومەرجێکی سەختتر و کارەساتبارتر بۆ کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان هەنگاودەنێ. ساڵ لە دوای ساڵ جیاوازی چینایەتی لە کوردستاندا فراوانتر دەبێت، ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران و زەحمەتکێشان راپێچی هەژاری و برسێتی دەبن. سامانی بەرپرسانی حزبە دەسەلاتدار و هاوئاوازەکانیان و دەستوپێوەندەکانیان زیاترو زیاتر دەبێت. بۆ پاراستنی ئەو سەروەتو سامانەی کەهەیانە هەرچی لەدەستیان بێت لە تاوان دەرهەق بەخەڵکی هەژاری کوردستان ئەنجامی دەدەن، پەرلەمانیش لەپاڵ دەزگا سەرکوتگەرکانیاندا بەکاردتنن بۆ چەواشەکردنی خەڵک.

بۆیە کرێکاران و هەژارانی کوردستان نابێت بەقەدەر سەرە دەرزیەک باوەڕیان بەوە هەبێت کە لە رێگای پەرلەمانەوە ژیان و گوزەرانیان باشتر دەبێت.لانی کەم تەجروبەی ۳۰ سی ساڵەی دەسەلاتی ئەم حزبە کوردیانە ئەو راستیەیان سەلماندوە کە پەرلەمان نەیتوانیوە هیچ سودێکی بۆ خەڵکی کرێکارو هەژاری کوردستان هەبێت. نابێت باوەرمان بە بەیتو بالۆرەی چاکسازی و گۆڕینی دەموچاوەکان بێت کە لە لایەن حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە پێشنیار دەکرێت. تەنها لە رێگای رامالینی ئەم دەسەلاتەوە خەڵکی کوردستان دەتوانن خۆشگوزەران بژین. بۆ کۆتاییهێنان بەم دەسەلاتەش دەبێت خۆمان رێکخراو بکەین و شوراو رێکخراوەکانی خۆمان لە شوێنی کارو ژیانمان دروست بکەین.

☆

## درێژەی .. مناوەراتی نێوان ئەمریکاو ئێران وهێرشە درۆنیەکان بۆ سەرهەولێر!

بەتایبەتیش ئیسرائیل. فشارەکانی ئەمریکا لە پەیوەند بە دۆسیەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانەوە، گەمارۆی ئابوری لەسەر ئێران و رێگاگرتن لە فرۆشی نەوت بازرگانی کردن لەگەڵ ئێران و دەستبەسەرراگرتنی پارەکانی ئێران لەلایەن بانکە ئەمریکیەکانەوە بەبریاری دەوڵەتی ئەمریکا، ناوبەناویش هێرشی سەربازی بۆ سەر بنکەو ناوەندە سەربازیەکانی ئێران لە سوریاو عێراق و هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی هەرەشەکانی تا رادەی کوشتنی سەرکردەباڵاکانی رژێمی ئێران و قاسمی سلێمانی سەرکردەی سوپای قودسی جمهوری ئیسلامی ئێران... هەموو ئەمانە بۆ بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجە بوون. بەڵام لە بەرامبەریشدا ئێران، بە پاڵپشتی روسیاو چین، وە لەرێگای گروپە چەکداریە ئیسلامیە شیعەکانیەوە لە ناوچەکەدا کە درێژکراوەی نفوزو دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی ئێرانن، هەوڵی داوە فشارەکانی بۆسەر بوونی ئەمریکا و بەرژەوەندیە ئابوری و سەربازیەکانی توندبکاتەوە تا ئەمریکا ناچار بە پاشەکشە بکات و ئێران وەکو هێزێکی ناوچەیی قبوڵ بکات و مامەڵەی لەگەڵدا بکات و ئەو پارانەی ئێران کە لەئەمریکا دەستی بەسەردا گیراوە بە چەند سەد ملیار دۆلار دەخەمڵێنێری و دەتوانی ئابوری ئێران لەم قەیرانە کوشندەیەی رزگاربکات و کۆمەک بە سەقامگیری دەسەڵاتی رژێمی ئیسلامی ئێران بکات کە بەردەوام لەبەردەم تورەیی و نارەزایەتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدایە، بگەڕێنێتەوە.

ئەمریکا لە عێراق لەژێر فشاری هێزو گروپەکانی سەر بە ئێراندا ناچاربوو هێزە شەرکەرەکانی بکێشێتەوەو چەند هەزار سەربازێک بۆ پارێزگاری لە هەندێ بنکەو سەفارەتخانەی لە عێراق و کوردستان بهێڵێتەوە. دوای سەرهەڵدانی داعش و گرتنی بەشێکی زۆر لە خاکی عیراق و دروستکردنی مەترسی بۆسەر حکومەتی عێراق، ئەمریکا فرسەتێکی دەست کەوتەوە کە جارێکی دیکە هێزی سەربازی بنێرێتەوە بۆ عێراق. ئێران و هێزە میلیشیاکانی هاوپەیمانی لەو ماوەیەدا کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان دژ بەگەڕانەوەی هێزی سەربازی ئەمریکا بۆ عێراق نیشان نەدا و جۆرێک لە رێکەوتنی نافەرمی لەنێوان ئەمریکا و ئێراندا بەرێوەچوو، بەڵام دوای کۆتایی هێنان بە دەوڵەتەکەی داعش، دوبارە هەم ئێران و هەم ئەمریکا فشارەکانیان بۆسەر یەکتری توند کردەوە. گروپەکانی سەر بە ئێران لە عێراق هێرشە مووشەکیەکانیان بۆسەر سەفارەتخانەی ئەمریکا لە بەغدا و چەند ناوچەی دیکە لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی عێراق دەست پێکرد.. ئەمریکا لە گروپی ٥+١)ی تایبەت بە بەرنامەی ئەتۆمی ئێران کشایەوەو لە تۆڵەی هێرشەکانی میلیشیا شیعەکاندا قاسم سلێمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس و چەند سەرکردەیەکی دیکەی رژێمی ئێرانی تیرۆرکرد.

جارێکی دیکە عێراق بووەوە بە مەیدانی کێشمەکێش و گوریس پچرێنەی نێوان ئەمریکا و ئێران. بەڵام ئەمجارە میلیشیاکانی سەر بە ئێران، دامێنی هێرشەکانیان فراوانتر کردووە بەرەو هەرێمی کوردستان کە تا پێش ئەو هێرشانە تەنها ناوچەی ئارام بوون لە عێراقدا بۆ هێزەکانی ئەمریکا و بنکەو بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی ئەمریکاو کۆمپانیاکانی.. هێرشەکانی ئەو گروپانە بۆ سەر هەولێر، گەیاندنی ئەو پەیامەیە بە ئەمریکا کە لەویش ناتوانی سەلامەت و خەیاڵی راحەت بێت. بەڵام بێگومان بەکارهێنانی فرۆکەی بێ فرۆکەوان بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانە پەیامێکیشە بە پارتی و مەسعود بارزانی کە زیاتر خۆی لەبەرەی ئەمریکاو تورکیاو سعودیەو ئەردەن و بەکورتی لە بەرەی نەیاری ئێراندا دەبینێ، لەوە زیاتر خۆیان بەو دەوڵەت و بلۆکبەندیەوە گرێ نەدەنەوە، دەنا بارودۆخی ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەوانیش دەشوێنن و روبەرووی کێشە و گرفتی جدیيان دەکەنەوە.

بەمجۆرە، مەترسی راکێشانی هەرێمی کوردستانیش بۆناو کێشمەکێش و مناوەراتی نێوان ئەمریکاو ئێران هەرچی زیاتر لەجاران زیاتر و واقعی تر بۆتەوەو ئەگەری ئەوەی کە ژیان و ئەمنیەتی خەڵکی کوردستان بەرەو ئایندەیەکی تاریک و شلەژاو بچێت، ئەگەرێکی دوور نیە، لەپاڵ فشارەکانی دیکەی حکومەتی ناوەندی بۆسەر حکومەتی هەرێم کە هێشتا هێزەکانی سەر بە ئێران دەستی باڵایان تێدا هەیە و ئەمەش بێگومان کاردانەوەکەی لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان تەواو دەبێت. ★

**سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:**
**عوسمانی حاجی مارف**
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com

**جێگری سکرتێر:**
**موحسن کەریم**
Mob: 00964(0)7700475533
Email: muhsin_km@yahoo.com

**رێکخراوی دەرەوە:**
**دەشتی جەماڵ**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjaml@gmail.com
**نوری بەشیر**
Mob: 0044(0)7476204121
Email: nooribashir1@yahoo.com

**ئۆکتۆبەر**
**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**
سەرنوسەر : موحسن کەریم
**00964(0)770 047 5533**
**muhsin_km@yahoo.com**
**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**